# وەرگرتن

## کارگەری جگەرە

ئەگەر بتەوێت بۆ شاری سلێمانی بچێت، لە بەغداوە سواری ئۆتۆمبیل دەبیت و دەچیت بۆ کەرکووک . لە کەرکووکەوە بە ئۆتۆمبیل بەدوو کاتژمێر دەگەیتە سلێمانی . پێش ئەوەی بگەیتە نزیک شاری سلێمانی تووشی بڕۆژەی بەکرەجۆ دەبێت، ئینجا پردی قلیاسان و هاوینەهەواری سەرچنار .

کە گەیشتیتە ناو شار، بە دەستە ڕاست دا تووشی خانوویێکی گەورە دەبیت لەسەری نووسراوە کارگەی جگەرەی سلێمانی . ئەم کارگەیەو کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار دوو پڕۆژەی گەورەو گرنگن، سوودیان زۆرە بۆ ئابووری دانیشتوانی شارەکەو وولات.

ناوچەی سلێمانی بە توتنی باش بەناوبانگە بەرهەمی زۆرە. جوتیاران توتن دەچێنن ، کە پێ گەیشت . گەڵاکانی لێ دەکەنەوەو وشکی دەکەنەوەو بەرهەمەکانیان بە خەڵکی و دەوڵەت دەفرۆشن.

لەم کارگەیەدا ، تووتنەکە بە هۆی مەکینە و ئامێری زۆرو دەستی کرێکاری هوشیارەوە

دەکرێت بە جگەرە . ئەم کارگەیە بە دوو جۆر جگەرە بەرهەم دێنێت جگەرەی بەغدادو

جگەرەی سۆمەر.

بەهەرمی ئەم کارگەیە لە ناو شارەکانی عیراقدا دەفرۆشرێت وهەندێکیشی بۆ دەرەوەی

عیراق دەنێردرێت.

کرێکارانی کارگەکە بە پیاو و ژنەوە بۆ زۆرکردنی بەرهەم تێ دەکۆشن، چونکە دەزانن

چەند بەرهەم زۆر بکەن ئەوەندە بەختیاری خۆیان و گەلی عیراقی تێدا هەیە.

## ڕاهێنان:-

- ئەم ڕستانەی خوارەوە کامیان ڕاست و کامیان هەڵەن ... هەر کامیان هەڵە بێ ڕاستی بکەوە:

1. لەکەرکووکە وە بەچوار کاتژمێر دەگەیتە سلێمانی .
2. کرێکارانی کارگەی جگەرە بۆ زۆرکردنی بەرهەم تێ دەکۆشن.
3. پڕۆژەی بەکرەجۆو پردی قلیاسان دەکەونە پارێزگای هەولێر.
4. ناوچەی سلێمانی بە تووتنی باش بەناوبانگە.
5. پارێزگای سلێمانی یەکێکە لە پارێزگاکانی ناوچەی هەرێمی کوردستان.

- وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

1.لەبەغداوە بەچی دەچێت بۆ سلێمانی .

2.کارگەی جگەرە لە ناو شارە یان لە دەورەوەی شار؟

3.لەکەرکووکەوە بە چەند کاتژمێر دەگەیتە سلێمانی؟

4.کارگەی جگەرەی سلێمانی تووتنی بێگانە بەکار دەهێنێت؟

5.کارگەکە چەند جۆر جگەرە بەرهەم دەکات؟

6.کرێکارانی کارگەکە بۆ چی تێ دەکۆشن؟

| ووشەکە(الکلمة) | واتاکە(معناها) | ووشەکە(الکلمة) | واتاکە(معناها) |
|---|---|---|---|
| کارگە | معمل | کڕین | الشراء |
| شار | مدينة | بەهۆی | بواسطة |
| دەگەیت | تصل | کرێکار | عامل |
| پرۆژە | مشروع | هوشیار | واعي |
| پرد | جسر | جۆر | نوع |
| خانوو | بيت(دار،بناية) | دەرەوە | خارج |
| لەسەری نووسراوە | مكتوب عليه | دەنێردرێت | يُرسَل |
| گرنگ | مهم | پیاو | رجل |
| سوود | فائدة | ژن | نساء,إمرأة |
| ئابووری | اقتصاد | بۆ زۆرکردنی | لزيادة |
| دانیشتوان | سكان | تێ دەکۆشن | يناضلون يبذلون |
| وولات | بلد (قطر) | دەزانن | يعرفون |
| ناوچە | منطقة | بەختیاریی | سعادة |
| تووتن | تبغ | پارێزگا | محافظة |
| بەناوبانگە | مشهور | پارێزگار | محافظ |
| جووتیار | فلاح | خۆرێبەری | حكم ذاتي |
| دەچێنن | يزرعون | بەرێ کەوتو | غادرت |